گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
DOI: https://doi.org/10.26750/3j9vze64
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 12/08/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 13/10/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# پێکهێنەرەکانی سیاسەتی گشتیی ئێران و پەیوەندی بە سیاسەتی کولتورییەوە لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشای پەهلەویی

## توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

**صنوبر سردار ستار[١] - هەردی مەهدی میکە[٢]**
hardi.mika@univsul.edu.iq - snawber.sardar@garmian.edu.krd
[١] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢]بەشی مێژو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

محەمەد ڕەزاشای پەهلەویی لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتی هاوشێوەی ڕەزاشای باوکی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی کۆمەڵێک هەنگاوی کلیلیی وەک گوتاری سەرەکی دەوڵەت لە سیاسەتە گشتییەکانیدا، گرتەبەر وەک ناوەندگەرایی، مۆدێرنگەرایی و نەتەوەگەرایی. هاوکات بۆ جێگیرکردنی ناوەندییکردنی بەڕێوەبردنی دەسەڵات پشتی بە بەهێزکردنی سوپا و سیاسەتی تاک حیزبی بەست، چەندین گۆڕانکارییەکی لە دەستوردا ئەنجامدا و سانسۆری خستە سەر بڵاوکراوەکان، پاشان بۆ ئەوەی وای پیشان بدات ئێرانیش هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژئاواییە جەختیکردەوە لە سەر مافی ژنان و فراوانکردنی ئازادییان و برەودان بە جلوبەرگی ڕۆژئاوایی بۆ ژنان و هاندانی لابردنی لەچک و سەرپۆش، مافی خوێندن و کارکردنیان لە دەرەوە هاوشانی پیاوان، گۆڕینی چەندین یاسا لە بەرژەوەندی ژنان وەک ڕێگەدان بە هاوسەرگیری کوڕ و کچ بەبێ گوێدان جیاوازی ئاین، دامەزراندنی چەندین حیزب و ئەنجومەنی ژنان و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە ژنان، بەشداریکردنی ژنان لە کاری سیاسییدا، تەنانەت لە ژێر سایەی شۆڕشی سپی[١] ڕێگەدرا ژنانیش لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگبدەن، ئەمەش بوە هۆی بەرزبونەوەی دەنگی ناڕەزایی لە لایەن پیاوانی ئاینییەوە، چونکە ئەم گۆڕانکاریانەیان دژ بە کولتور و دابونەریتی ئێرانی زانی، لە بەرامبەردا حکومەتیش بە توندترین شێوە دەنگە ناڕازییەکانی کپکردەوە. لە ڕوی نەتەوەگەرایشەوە حکومەتی پەهلەویی فۆرمێکی ناسیۆنالیزمی بەرەوپێش برد کە گەورەیی ڕابردوی شکۆمەندی ئێرانی زیندو کردەوە گرنگیدا بە باڵادەستی نەتەوەی فارس و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگەی گرتە بەر، لەوانە گرنگیدان بە شاکانی سەردەمی هەخامەنشینی، بەڕێوەچونی ئاهەنگی ٢٥٠٠ساڵەی دامەزراندنی ڕژێمی شاهەنشایی لە ئێران ساڵی ١٩٧١ بەڕێوە چو، جەژنی میترایی و گەڕانەوە بۆ ئاینی کۆنی ئێرانییەکان، کە ئاینی زەردەشتی بو. ئەم توێژینەوەیە پرسیاری سەرەکی و ئامانجی دیارییکردن و ڕونکردنەوەی پێکهێنەرەکانی سیاسەتە گشتییەکانی ئێرانە لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەویی دوەمدا و بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتبەستراوە بە ڕێبازی مێژوویی.

**کلیلە وشە:** پەهلەویی دوەم، ناوەندگەرایی، مۆدێرنگەرایی، نەتەوەگەرایی

# Components of Iranian public policy and its relationship to cultural policy During the reign of Pahlavi II
## Political history study

**Hardi Mahdi mika[1]- Snawber sardar star[2]**

[1]History, humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2] History, Education, University of Garmian, Kalar, Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Like his father, Mohammad Reza Shah Pahlavi took several steps to consolidate his power like centralization, modernization, and the promotion of nationalism. To strengthen central authority, he reinforced the military, adopted a one-party policy, implemented several constitutional amendments, and imposed strict censorship on newspapers and magazines. In his efforts to present Iran as a modern state molded on Western countries, he emphasized women's rights and freedoms, particularly regarding clothing, education, and employment both domestically and abroad. Legislative reforms were introduced in favor of women, including the legalization of interreligious marriages between young men and women. Numerous women's organizations and councils were established, women's journals emerged, and female participation in political life expanded. Notably, during the White Revolution, women were granted the right to vote in national elections. However, these changes provoked strong opposition from the clergy, who viewed them as contrary to Iranian culture and traditions. In response, the state resorted to harsh repression. On the nationalist front, the Pahlavi regime promoted a form of nationalism that revived the glory of Iran's ancient past. The regime paid special attention to the Achaemenid kings, celebrated the 2,500th anniversary of the Persian Empire, honored Mithra, and showed an inclination toward reviving the ancient Iranian Zoroastrian religion. Finally, the researcher aims to present the components of Iranian public policy and their relationship to cultural policy during the reign of Pahlavi II based on the descriptive-historical approach.

**Keywords:** Pahlavi II, centralism, modernism, nationalism

## پێشەکی

محەمەد ڕەزاشای پەهلەویی هەر لە سەرەتاوە هەوڵی بە ناوەندییکردنی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی حکومەتەکەیدا، بەڵام ئەوە بو سەرەتا بەهۆی بونی هەردو هێزی هاوپەیمانان هەر یەک لە بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران، لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی نەیتوانی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات و سیاسەتەکانی خۆی بە تەواوی جێبەجێ بکات، هەر بۆیە پاش تەواوبونی جەنگی دوەمی جیهانی ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا و توانی کۆتایی بە هەردو کۆماری ئازەربایجان و مەهاباد بهێنیت

کە لە ناوەڕاستی چلەکان دامەزرابون، پاشان لە ڕێگەی دامەزراندنی دەزگای هەواڵگیریی ساواکەوە (سازمان اطلاعات و امنیت کشور) دەنگە نارازییەکانی سەرکوتکرد، ئەم سەرکوتکردنانە نەک هەر بوە هۆی لە نێوچونی فەزایەکی سیاسیی ئازاد و دیموکراسی، بەڵکو نارەزایی کۆمەڵایەتیشی زیاتر لێکەوتەوە، جگەلەوەش هەوڵەکان بۆ دروستکردنی کولتورێکی سیاسیی یەکپارچە و سەپێنراو ڕێگریان کرد لە دروستبونی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی و ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی حکومەت، هەر بەمەشەوە نەوەستا، بەڵکو کۆتایشی بە سیاسەتی فرە حیزبی هێناو حیزبی ڕستاخیز (ڕابون)ی وەک تاکە حیزب دامەزراند.

لە ڕوی مۆدێرنیزاسیۆنیشەوە لەم ماوەیەدا سیاسەتەکانی مۆدێرنیزاسیۆنی حکومەت بەتایبەتی لەسەر گۆڕانکاریی لە دۆخی ژنان و زیادکردنی مافەکانیان بو، شا و حکومەت پێیان وابو کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی وڵات بەبێ "باشترکردنی پێگەی ژنان" ئاسان نییە، لەم ڕووەوە هەنگاوی بەرچاونرا ڕێگەدرا بە کچان لە خوێندنگەدا بخوێنن و لە بوارە جیاوازەکاندا کار بکەن وەک پەروەدە و ڕۆشنبیریی و تەنانەت سیاسەتیش، دواجار حکومەتی ئێران لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی مۆدێرنیزاسیۆن و پێشکەوتنی وڵات، بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی و دڵسۆزی بۆ دەوڵەت (هاوشێوەی سەردەمی باوکی) بەکارهێنایەوە، هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵانەدا پرسی ناسیۆنالیزم لە چوارچێوەی کۆمەڵگەشدا ڕوبەڕوی ئاڵنگاریی بویەوە، نارەزایەتی و بۆچونی دژ بەیەک سەریهەڵدا، بەتایبەتی لە ڕێگەی گروپە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان کە بە دروشم داواکاری ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بون، سەرکوتکردنی ئەو نارەزایەتیانە و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی کەشوهەوای سیاسیی بوە هۆی زیادبونی نارەزایی و قەیرانی کۆمەڵایەتیی، دروستبونی بزوتنەوە نارەزایەتییەکان لە دەیەی کۆتای دەسەڵاتی شای ناوبراو، کە سەرئەنجام بوە هۆی ڕوخاندنی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەویی، ڕژێمێکی تەواو پێچەوانە بێتە سەر دەسەڵات لە ئێران.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:** ئایا پێکهێنەرەکانی هزریی سیاسەتی گشتیی ئێران لەسەردەمی پەهلەوی دوەمدا چی بون؟ چ ڕۆڵێکیان لە سیاسەتی دەوڵەت و گوتاری دەوڵەتدا گێڕا؟ چۆن جێبەجێکران و دەوڵەت چ ڕێکارێکی بۆ پیادەکردنی ئەو پێکهێنەرانە گرتەبەر؟

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی (پێکهێنەرەکانی سیاسەتی گشتیی ئێران و پەیوەندی بە سیاسەتی کولتورییەوە لە سەردەمی پەهلەویی دوەم)دا، لە بواری مێژودا زیاتر گرنگی بە لایەنی سیاسیی و ئابوریی دراوە و کەمتر توێژینەوەی زانستیی لە بارەی سیاسەتی کولتوریی کراوە، هەربۆیە توێژینەوەیەکی لەم جۆرە بە زمانی کوردیی خزمەتێکی گرنگ بە کتێبخانەی کوردیی و خوێنەرانی دەکات.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی مێژوی بەستوە بە وەرگرتنی ژێدەر و سەرچاوەکان و کۆکردنەوە و پۆلێن و شرۆڤە و ڕاڤەکردنەوەیان بە جۆرێک کە خزمەتی پرسیار و ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بکات و هاوکات هەندێکجار بۆ وەسفی دیاردەکان و ڕونکردنەوەی زیاتر سود لە میتۆدی وەسفیش وەرگیراوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرچاوە مێژوییەکان بە زمانی فارسی، لەوانە کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، پشکنراوە و بەکارهێنراون و لە کۆی توێژینەوەکەدا باس لە پێکهێنەرەکانی سیاسەتی گشتیی ئێران و پەیوەندی بە سیاسەتی کولتورییەوە لە سەردەمی پەهلەویی دوەم کراوە و تیشک خراوەتە سەر لایەنی ناوەندگەرایی، مۆدێرنگەرایی و نەتەوەگەرایی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** خستنەڕوی سیاسەتە کولتورییەکانی حکومەتی پەهلەویی دوەمە، لە ڕوی ناوەندگەرایی، مۆدێرنگەرایی و نەتەوەگەرایی و هەوڵەکانی حکومەتی ناوبراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە و ئاماژەکردن بەو هەنگاوانەی کەگیراونەتە بەر بۆ ئەنجامدانی ئەو سیاسەتانە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** پێشەکی و سێ تەوەر لە خۆدەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم: ناوەندگەرایی لەم تەوەرەدا تیشک خراوەتە سەر هەوڵەکانی محەمەد ڕەزاشای پەهلەویی بۆ بە ناوەندییکردنی دەسەڵات لە هەر سێ قۆناغی دەسەڵاتی. تەوەری دوەمی توێژینەوەکەش تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەسەر مۆدێرنگەرایی، کە تێیدا باس لە بەرنامە و کارەکانی حکومەتی پەهلەویی دوەم کراوە بۆ بە مۆدێرنیزاسیۆنیکردنی وڵات، هەرچی تەوەری سێیەم و کۆتایشە تەرخانکراوە بۆ باس کردن لە سەر نەتەوەگەرایی یاخود ناسیۆنالیسم.

**تەوەری یەکەم: ناوەندگەرایی (المركزية)**

یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی شا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بریتی بو لە بەناوەندکردنی چەقی دەسەڵات، بەڵام ئەو لە سەرەتای دەسەڵاتی خۆیدا، بە هۆی هەژمونی زلهێزەکان بەسەر ناوچەکە و لاوازی پێکهاتەی حکومەت و لاوازبونی سوپا، بۆ ماوەیەک هیچ بنەمایەکی کردەیی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی نەتەوەیی نەبو، لە ساڵی ١٩٤٥دا چەند بزوتنەوەی نەتەوەیی لە دژی شێوازە ستەمکارەکانی ژاندرم و خاوەن زەوی و زارەکان و بۆ زیندوکردنەوەی کولتور و زمانیان دروستبو (کوندی و خنکداری، ١٤٠١: ١٤١)، وەک تورک، کورد و عەرەب (احمدی، ١٤٠٠: ٢٥- ٢٧)، هەروەها ناوەندگەرایی توندڕەوانەی حکومەت، بوە هۆی چڕبونەوەی سەرچاوەکانی حکومەت لە پایتەخت و خودی دەسەڵاتی شای ئێراندا، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی دانیشتوانی ناوچە دورە دەستەکان بەرامبەر بە ناوەند هەست بەبێ بەشی و پەراوێزخستن بکەن، بەشێوەیەکی گشتیی حکومەتی پەهلەویی دوەم لە دوانزە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی حکومەتێکی تارادەیەک بە ناچاریی دیموکراسی و پەرلەمانی بو، شا هەمو هەوڵێکی خۆیدا بۆ ئەوەی لانیکەم سەرکردایەتی هێزە نیزامییەکان بپارێزێت (کوندی و خنکداری، ١٤٠١: ١٤٢).

لە قۆناغی دوەمدا و پاش کودەتا و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی بەرەی میللی و حکومەتی موسەدیق[2]، ئیتر بە پێچەوانەی قۆناغی پێشو، دەسەڵات و ماف زیاتر لە ناوەند و پایتەخت لە دەستی خودی شادا کۆبویەوە، ئەم ئەندازە لە ناوەندگەرایی لە سەردەمی پەهلەوییدا، بە پێچەوانەی قۆناغی پێشوتر بوە هۆی جۆرێک ناهاوسەنگی گەشەسەندن و لێکترازان لە نێوان تاران و شوێنە جیاوازەکاندا (هوشنگی، ١٣٩٩: ١٢٣).

محەمەد ڕەزا شا لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی پشتی بە هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا و ئەمریکا کە لە ئێراندا بون بەست، سوپای ئێران لە هەمان ئاستی سەردەمی ڕەزاخان بو، کە پێش ئەوەی ببێت بە شای ئێران، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر (نزیکەی ٧٠- ٨٠) هەزار و بە دیسیپلین و مۆراڵێکی زۆر کەم لە هەمان سەربازگە جێگیر بون، لەم ماوەیەدا شا هەوڵیدا بەپێی (قانونی ئەساسی سەردەمی مەشروتە) مامەڵەبکات و لەوە زیاتر هیچی دیکەی پێنەدەکرا، هەوڵیدا لە نێو خەڵکدا دەرکەوێت و دۆستانە لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکات (فردوست، ١٣٨٦: ١١٩)، لەم قۆناغەدا زۆرترین پارت و ڕێکخراوی سیاسی لە ئێران سەریانهەڵدا، بە جۆرێک کە لەم سەردەمەدا حیزبەکان لە ڕوی چالاکیی ئازاد و فرەچەشنییەوە بەراود بە قۆناغەکانی پێشتر ناکرێن، لەم قۆناغەدا حیزبەکان بون بە ئەکتەری کاریگەر گۆڕەپانی سیاسیی لە ئێراندا، لە ماوەی دوانزە ساڵدا نزیکەی (٣٠) سی حیزب و کۆمەڵەی سیاسیی بە پاڵنەر و ئامانجی تایبەتەوە پێکهاتبون، کە بە بەراورد لەگەڵ پێشوتر زیاتر لە پارتە سیاسییە نوێیەکان دەچو و لە نێو حیزبەکاندا چوار پارتی سەرەکی، بەرەی نیشتمانی، ئیرادەی نیشتمانی، تودە[3] و دیموکراتەکانی ئێران، هەوڵیاندەدا و کێبڕکێیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی (مهریجانی، ١٣٩٨: ٥٠).

لە قۆناغی دوەم؛ بەهۆی ئەو کەشە سیاسییەی دروستبو بوە هۆی دەرکەوتنی چالاکیی سیاسی، لەوانەش دامەزراندنی حیزبی تودە بو، بەڵام پەرلەمان هێشتا سیستەمی حیزبی نەبو، لەو ماوەیەدا شا بایەخی سیاسیی پەیداکردبو، دڵسۆزانی شا لە سەردەمی باوکیەوە مابونەوە و بونی شایەکی بەهێزیان وەک پاراستن و قەڵغانێک لە نائارامی لە ناوەوە و دەرەوەی

پەرلەمان دەبینی، بەڵام دواتر بەهۆی دروستبونی پرسی خۆماڵیکردنی نەوت و دامەزراندنی بەرەی میللی لەلایەن محەمەد موسەدیقەوە و هەوڵدانی موسەدیق بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی شا بوە هۆی دروستبونی ناکۆکی لە نێوان هەردولادا، چونکە شا چیتر ئامادەنەبو پابەند بێت بە دەستورەوە، بەڵکو خۆی بە بەرپرسی هەر مەسەلەیەک لەوڵات دەزانی، کە ئەمەش دواجار بوە هۆی ئەوەی بە ناچاری ئێران بە جێبهێڵێت و بە هاوکاری وڵاتانی ڕۆژئاوا وەک لە بەشی دوەمدا باسمان کردوە کودەتای ١٦ی ئابی ١٩٥٣ ڕویدا و موسەدیق لە پۆستی سەرۆک وەزیران دور خرایەوە (اوری و دیگران، ١٣٩٢: ٥٩- ٧١).

قۆناغی سێیەم و کۆتایی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزاشا لەم قۆناغەدا هەمو شتێک گۆڕا ئەم کودەتایە کۆتایی بە هەوڵە کورتماوەکانی موسەدیق هێنا بۆ بەدیهێنانی مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسیی و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی حکومەتێکی پاوانخواز لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوییدا و بوە هۆی دەستێوەردان و هەژمونی بەربڵاوی ئەمریکا لە سیاسەتی ناوخۆی ئێران، پیادەکردنەوەی یاسای زۆرەملێی سەربازیکردن (کە لە سەردەمی ڕەزا شای باوکیدا دانرا) لەلایەن حکومەتی پەهلەوییەوە هەمو سەندیکاکانی کرێکاران و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و لایەنە سیاسییەکانی دیکە بە نایاسایی ناسێنران و سانسۆرێکی توند بەسەر ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەکاندا سەپێندرا، ئۆپۆزسیۆن تا ڕادەیەکی زۆر لاواز کرا و فرۆشتنی نەوتیش دەستی پێکردەوە (مهریجانی، ١٣٩٨: ٤٨).

شا بۆ چەسپاندنی سیاسەتی بە ناوەندییکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی چەند گۆڕانکاریی لە دەستوریشدا ئەنجامدا، بۆ نمونە بەپێی مادەی ٤٩ی پێشوی دەستور: "مافی شایە کە فەرمانی جێبەجێکردنی یاساکان دەربکات، بەبێ ئەوەی هەرگیز جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دوابخات یان ڕابگرێت"، بەڵام لە مادەی ٤٩ی دەستوری هەموارکراوی (١٩٥٧) هاتوە: شا مافی ئەوەی هەیە فەرمانی جێبەجێکردنی یاساکان دەربکات، بەبێ ئەوەی هەرگیز جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دوابخات یان ڕابگرێت، لە یاساکانی تایبەت بە کاروباری دارایی وڵاتدا کە ئیختیاری ئەنجومەنی ڕاوێژکاری نیشتمانییە، ئەگەر جەنابی شا پێداچونەوە بە پێویست بزانێت، ئەوا ڕەوانەی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی نیشتمانیی دەکات بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بچێتەوە، ئەگەر ئەنجومەنی نیشتمانیی بە زۆرینەی سێ لەسەر چواری ئامادەبوان بۆچونی پێشوی ئەنجومەن پشتڕاست بکاتەوە، ئەوا جەنابی شا یاساکە واژۆ دەکات (معینی، ١٣٩٠: ٧- ٨).

لە مادەی ٣٨ی پێش هەموارکراو: "لە کاتی گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتیدا، دەبێت شازادەی جێنشین تەمەنی گەیشتبێتە بیست ساڵی تەواوی (هەتاویی)، ئەگەر وا نەبو ئەوا جێگرەوەیەک لە دەرەوەی بنەماڵەی قاجارەوە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە هەڵدەبژێردرێت" بەپێی مادەی هەموارکراوی ٣٨: لە کاتی گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتیدا، شازادەی جێنشین دەتوانێت بە شێوەیەکی شەخسی کاروباری پاشایەتی بگرێتە ئەستۆ کاتێک تەمەنی گەیشتە بیست ساڵی تەواوی هەتاویی، ئەگەر نەگەیشتبێتە ئەم تەمەنە دایکی شازادەی جێنشین دەستبەجێ ئەرکی شازادەی جێنشین دەگرێتە ئەستۆ، مەگەر ئەوەی کەسێکی دیکە لەلایەن شاوە وەک جێنشین دەستنیشان کرابێت، جێنشینی شا لەسەر هەڵبژاردنی خۆی ئەنجومەنێک پێکدەهێنێت، کە پێکهاتوە لە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی هەردو ئەنجومەن و سەرۆکی دادوەریی دادگای باڵا و چوار کەسی زانا و تێڕامان لە وڵات ئەرکەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی بەپێی دەستور و بە ڕاوێژی ئەو ئەنجومەنە ئەنجام دەدات، تا شازادەی جێنشین دەگاتە تەمەنی بیست ساڵی و لە ئەگەری گیان لەدەستدان یان دەست لەکارکێشانەوەی جێنشینی شا، ئەنجومەنی ناوبراو بە شێوەیەکی کاتی ئەرکەکانی جێنشینی شا جێبەجێدەکات تا ئەو کاتەی جێگرەوەیەکی دیکە لەلایەن هەردو ئەنجومەن لە دەرەوەی بنەماڵەی قاجارەوە دیاری دەکرێت" (دادفر، ١٣٦٤: ٢٢٢).

لە مادەی ٤١یش پێش هەموار دەڵێت: "لە کاتی کۆچی دوایی شا، بەپێویستی دەزانرێت ئەنجومەنی نیشتمانیی و ئەنجومەنی پیران کۆببنەوە و کۆبونەوەکەشیان نابێت زیاتر لە دە ڕۆژ پاش کۆچی دوای شا دوابخرێت"، بەڵام لە مادەی هەموارکراوی ٤١ هاتوە: لە ئەگەری کۆچی دوای شا کار بە مادەی ٣٨ دەکرێت و لە حاڵەتی گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتیدا، ئەگەر جێگرەوە بەو شێوەیە دیاری نەکرابێت کە لە مادەی پێشودا دیاری کراوە، ئەوا هەردو ئەنجومەن لە دانیشتنێکی نائاسایی هاوبەشدا جێگرەوەیەک دیاریدەکەن (سادات و بیگدلو، ١٣٩٨: ٧٨).
لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوشدا، نەبونی پشتیوانیی گشتیی و بەشداری سیاسیی خەڵک، وایکرد محەمەد ڕەزا شای پەهلەویی بە قوڵی نیگەران و دڵەڕاوکێ لە داهاتوی دەسەڵاتی کەسی خۆی دروست بێت، حیزبە ڕەمزی و دەستکردەکانی پێشوی شا نەیانتوانی جەماوەر بۆ بەشداری سیاسیی کۆبکەنەوە، لە ڕاستییدا ستراتیژی شا بریتی بو لە دامەزراندنی سیستمێکی تاک حزبی کە توخمەکانی سەرمایەداریی و سۆسیالیزمیی بۆ دروستکردنی بەشداری سیاسیی و پشتیوانی جەماوەری تێیدا بێت، هەرچەند گوتبوی هەرگیز سیستەمی تاک حزبی دانامەزرێنم، بەڵام لەسەر ئامۆژگاری ژمارەیەک لە ڕاوێژکارەکانی هەمو حیزبەکانی هەڵوەشاندەوە و حیزبی ڕستاخیز (ڕابون)ی وەک تاکە حیزب و سەرتاسەری دامەزراند و هەموانی هاندا بۆ ئەوەی پەیوەندیبکەن بەم حیزبەوە (موحد، ١٣٨٥: ٢٢٤)، یەرواند ئەبراهام لە کتێبی 'ئێران لە نێوان دو شۆڕشدا' باسی دو گروپی ڕاوێژکاری شا بە تێڕوانینی زۆر جیاوازەوە وەک داڕێژەرانی حیزبی ڕستاخیز و پێشنیارەکانی بۆ شا دەکات: "گروپی یەکەم پێکهاتبو لە گەنجانی پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان و خاوەن دکتۆرا لە زانکۆکانی ئەمریکا ئەو کەسانەی تازە گەڕابونەوە بۆ وڵات شرۆڤەکاری بەرهەمەکانی ساموێل هەنتینگتۆن مامۆستای ناوداری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی هارڤارد بون، گروپی دوەمیش کۆمۆنیستە شیرازییەکانی پێشو بون کە لە سەرەتای ساڵانی 1950دا حیزبی تودەیان بەجێهێشتبو" (ابراهامیان، ١٣٨٩: ٥٤٢).
گروپی دوەم بە هۆی مێژوی کارکردنیان لە حیزبی تودە و زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی پشتیوانی لە بیری چەپ، کە لە وڵاتانی وەک یەکێتی سۆڤیەت، کوبا، ئەلبانیا و چین، نمونەی کردەییان هەبو، باوەڕیان بە سیستەمی تاک حزبی هەبو، کە پلەبەندییەکی درێژخایەنی هەبێت و پێیان وابو تاکە حیزبێکی وەک حیزبی کۆمۆنیست گەرەنتی چەسپاندنی سیستەمی تاک حیزیی دەسەڵاتی پاشایەتی سنوردار دەکات، هەربۆیە کاتێک بیرۆکەی دامەزراندنی تاک حیزبی سەرتاسەری لە ئێران سەریهەڵدا، ئەم گروپە کە مێژوییەکیان هەبو لە پەیڕەوکردنی سیستەمی تاک حزبی و زیاتر لە هەمو گروپێکی سیاسیی تر پەیوەست بون بەم بڕیارەی شاوە (موحد، ١٣٨٥: ٢٢٦).

ئەندام بون لەم حیزبە تارادەیەک زۆرەملێ بو و نەیارانی حیزبەکەیان بە کۆمۆنیست و ناپاک ناوزەدکرد، پلانەکانی ناونوسکردنی گوندنشینەکان، دانیشتوانی خێڵەکی، خوێندکارانی خوێندنگا و زانکۆ لە گرنگترین گروپە ئامانجدارەکان بۆ ئەندامێتی لە پارتی ڕستاخیز هەژمار کران (اطلاعات، ٢٥ فروردین ١٣٥٤: ١٧)، شا پێیوابو، پێویستە هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و هەمو گروپە ڕۆشنبیرییەکان لە حزبی ڕستاخیز نوێنەرایەتیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت وەک قوتابخانەیەکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی گەورە کار بکات (موحد، ١٣٨٥: ٢٢٦)، کە تەنها دو بژاردەیان لەبەردەستدا بو ئەگەر نەبن بە ئەندام: یان چونە زیندان یان بەجێهێشتنی وڵات، ئەندامبون لە حیزبەکە پێویستی بە قبوڵکردنی سیستەمی ئیمپراتۆریی، شۆڕشی سپی و دەسەڵاتی پاشایەتی دەستوریش هەبو (کاتوزیان، ١٣٩٢: ٢٤٠). فەرەیدون هویدا لە کتێبی کەوتنی شا نوسیوێتی: "بێگومان ئەگەر لە ڕوانگەی شاوە سەیری پرسەکان بکەین، ئەو هیچ بیرۆکەیەکی تری نەبو، جگە لەوەی کە بە دامەزراندنی پارتی ڕستاخیز، دیموکراسییەکی ڕێنماییکراو لە وڵاتدا دادەمەزرێنێت" (هویدا، ١٣٧٠: ١٠٤)، وەڵامی شا بۆ (مارگارت لاینگ)یش نوسەری کتێبی چاوپێکەوتن لەگەڵ شا کە حەوت مانگ دوای دامەزراندنی حیزبی ناوبراو لە شای

پرسیوه: تۆ ساڵانێک باوەڕت بە سیستمی دو حیزبی هەبو و بە دەربڕینی ڕاوبۆچونتان زانیوه چۆن بۆچونتان گۆڕی؟ شا له وەڵامدا دەڵێت: "ئێمە لەبری یەک گروپ (نەیارانی دڵسۆز)، واتە نەیارانی هەندێک بەرنامەی حکومەت، بەڵام دڵسۆز بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی، دەتوانین سێ یان چوار گروپمان هەبێت، بەڵام لەناو یەک حزبدا... ئێستا دیموکراسیمان هەیە، پارتی نوێ بۆ هەریەک لە لقەکانی هەڵبژاردن سێ تا پێنج کاندید دیاری دەکات و خەڵک مافی هەڵبژاردنی هەیە" (لاینگ، ١٣٧١: ٣٠٨- ٣٠٩).

ئامانجەکانی دامەزراندنی ئەم حیزبەش لەلایەن شای ناوبراو بریتی بو لە: پاکتاوکردنی هێزە نەیارەکان بەرامبەر بە شا لە وەزارەتەکان و میدیای گشتیی، لاوازکردنی دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی و بازرگانەکان، هەڕەشەکردن لە نەیارانی شاراوە و کۆکردنەوەی جەماوەر بۆ بەشداری سیاسیی لە بەرژەوەندی ڕژێم و دواجار دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی (مهریجانی، ١٣٩٨: ٥٤)، بەڵام لەلایەن هەندێک لە چینەکانی کۆمەڵگەوە ئەم سیاسەتی تاک حیزبییە دژایەتیکرا، وەک پیاوانی ئاینی بە ڕابەرایەتی ئایەتوڵا خومەینی مەرجەعی باڵای ئەوکاتی شیعە ئەندامبونیان لەم حیزبە بایکۆت کرد و ڕێگەیان نەدا لایەنگرانیان ببن بە ئەندام لە حیزبی ناوبراو دا، بەدەر لەمانەش خوێندکارانی بەشێک لە زانکۆکانی ئێران و نەیارانی سیاسیی نیشتەجێ دەرەوەی وڵاتیش بە توندی دژ بەم حیزبە ناڕەزایەتییان پیشاندا (شاهدی و سرشت، ١٣٩٦: ١٧٣).

ئەم قۆناغە قۆناغی درێژخایەنی تاکڕەویی ڕەهای محەمەد ڕەزاشا بو، کە تێیدا حکومەت و پەرلەمان بونە ئامرازی دەستی شا و هەمو موڵک و ماڵ و تەنانەت نەریتی خەڵکیش بونە ئامرازی دەستی شا و بە گشتیی شیرازە کۆمەڵایەتییەکانی تێکدا، ڕێگەی بە پەرلەمان و وەزیرەکان نەدا تاوەکو ڕای خۆیان دەربڕن (فردوست، ١٣٨٦: ١٢٠).

ئەوە بو محەمەد ڕەزاشا سێ ستونی حکومەتەکەی (وەک سەردەمی باوکی) دوبارە دامەزراندەوە ئەوانیش: سوپا، دیوان سالاری (بیرۆکراسی)[٤] و دەربار بو. حەزی کەسی محەمەد ڕەزاشا لە کۆکردنەوە و خاوەندارێتی چەکی سەردەم، پرۆسەی پەرەپێدانی سوپای ئێرانی خێراتر کرد، زانیاریی زۆری لەسەر تەکنۆلۆجیای سەربازیی هەبو و شانازی بە زانستەکەیەوە کردوە، خۆی بە جەوهەر و ناوەندی سوپای ئێرانی زانیوە، لەم بارەیەوە وتویەتی: "بەهۆی نمونەی باوکم و لەبەرئەوەی خۆم سەربازم" هەروەها لە گفتوگۆیەکیشیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنوسێکی هیندی لە ساڵی ١٩٧٤، وێڕای بیرهێنانەوەی یەکسانی هەمو گەلان بۆ دەست ڕاگەیشتن بە تەکنۆلۆجیای سەربازیی وتی: هیچ جیاوازیەک لە نێوان ئێمە و سوپای ئەڵمانیا، ئینگلتەرا یان فەرەنسادا نییە؛ هێزەکان دەبێت بەرابەر بێت (چمنكار، ١٣٨٩: ٩- ١٠)، هەر لەم ڕوەوە جەنراڵ (فەرماندە -سپهبد) ئەمیر حوسەین ڕەبیعی دوایین فەرماندەی هێزی ئاسمانی شاهەنشایی لە بارەی حەزو مەیلی شا بۆ بواری سەربازیی دەڵێت: "شا خودی خۆی سەرپەرشتی واژۆکردنی گرێبەستی چەکی ئاسمانی و کڕینی فڕۆکەی کردوە و هاوکات ڕاوبۆچونی پسپۆڕانەی هەبوە"، ئاستی زانینی شا زیاتر لە بواری هێزی ئاسمانیدا بو، چونکە ئەزمونی فڕین و فڕۆکەوانی چەندین جۆری جیاوازی فڕۆکەی سەربازیی و مەدەنیی هەبوە. مارڤین زوینسیش نوسەری ئەمریکی پێ وایە شا بە درێژایی تەمەنی وابەستەیەکی بەهێزی بە هەمو شتێکەوە نیشاندەدا کە پەیوەندی بەهێزی ئاسمانی و فڕۆکە و فڕینەوە هەبو بێت (اطلاعات، ٢٢/ فروردین/ ١٣٥٨: ٤؛ چمنكار، ١٣٨٩: ٩- ١٠). سوپا بەپێی فەرمانی شا دەستێوەردانی لە کاروباری مەدەنی وەک دابەشکردنی خواردن، دانانی فرۆشگاکان و نۆژەنکردنەوەیان کردوە، بەمەش دەستێوەردانی سوپا لەنوێگەری ئابورییدا پەرەی سەند (علی بابایی، ١٣٨٥: ٣٦٩).

لەڕاستییدا ئەوەی وەک جیاوازی لە نێوان حکومەتە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوا و حکومەتی پەهلەویی دوەم زیاتر لە هەمو شتێک دیارە لە چەمکی دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتییدایە؛ بەپێی پێناسەی جوئل میگدالی مامۆستای زانکۆی

واشنگتۆن دەکرێت حکومەتەکان لە چوارچێوەیەکی بەهێز و لاواز ڕیزبەندی بکرێن، لەسەر بنەمای ئەمەش حکومەتی پەهلەویی دوەم توانی ئامرازی تایبەتی هێز دروستبکات، لەوانەش بیرۆکراسی، پۆلیس و سوپای پیشەیی (شریعتی و مهدی، ۱۳۹۷: ۸۸). گراهام-یش دەڵێت: "وەزارتی ناوخۆ تەنها لەسەر کاغەز دەسەڵاتی هەبو، چونکە هەرچەند هەردو هێزی پۆلیس و هێزی حەفتا هەزار کەسی ژاندەرمی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بون، بەڵام ئەم دو هێزە ئۆپراسیۆنی کەمیان هەبو، لە پرسە گرنگەکاندا پرسیان بە وەزیر نەدەکرد، بەڵکو ڕاستەخۆ پەیوەندیان بە شاوە کردوە (گراهام، ۱۳۵۸: ۱٦۹).

وەزارەتی دەرباریش لە بنەڕەتدا لەسایەی پەیوەندی لەگەڵ شادا شوناس و پێگەی خۆی بەدەست هێنا، ئەم وەزارەتە بە ڕواڵەت وەزارەتێکی کابینەی حکومەت بو؛ بەڵام لە واقیعدا دەرکردن و دانانی وەزیری دەربار لەژێر دەسەڵاتی سەرۆک وەزیراندا نەبوە و بە کردار ئەوە شا بو وەزیرەکانی دەرباری دادەنا و لادەبرد، هەروەها بەپێی یاسا دەبو حکومەت هەمو ساڵێک بودجەیەکی دیاریکراو بۆ وەزارەتی دەربار تەرخان بکات، بەڵام لە دو دەیەی کۆتایی سەردەمی شا حکومەت تواناى سەپاندنی سنوردارکردنی بودجەی بەسەر وەزارەتی دەربار دا نەبو، وەزیری دەربار بەشداری کۆبونەوەکانی کابینەی نەدەکرد و لە ڕاستییدا بە ئەندامێکی جیای حکومەت دادەنرا (آغایلی و دهقان نژاد، ۱۳۹۳: ۲- ٤).

شا بۆ دوبارە بەرهەمهێنانەوەی هەژمونی بەسەر پێکهاتەی دەوڵەتدا، سیاسەتێکی دوانەی گرتەبەر، دەربار ناچاربو چەندین ئیمتیاز بە بنکە پارێزگارەکانی بدات، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی شادا هەبوە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان، کابینە و بەتایبەت پەرلەمان بو بە ناوەندێکی گرنگ بۆ ئەم کارە، هەربۆیە لەم ڕووەوە پێوستە بەدواداچون بۆ گرنگی ڕۆڵی ئەسەدوڵلا عەلەم بکرێت کە لە ساڵی ۱۹٦٦، لەلایەن شاوە کرا بە وەزیری دەربار، عەلەم لەماوەی ئەرکەکەیدا بو بە بەهێزترین نوێنەری نوخبە پارێزگارەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری ئێران لە دەرباردا، دەربار بۆ کەمکردنەوەی پشت بەستنی بەم نوخبانە دەستیکرد بە زیادکردنی چالاکیی تەکنۆکراتە ناسیاسییەکان (توفیق، ۱۳۸۵: ۱۰- ۱۱۱)، لەسەردەمی ناوبراو حکومەتێک لە نێو حکومەتی ئێراندا بە پایتەختی دەرباری محەمەد ڕەزاشا پێکهێنرا، کە ئەرکی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی دەربار بو لەگەڵ توخمە گرنگەکانی دیکەی وڵات لە کایەی سیاسیی، کولتوریی، کۆمەڵایەتیی و ئابورییدا، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران هەبو (جوان، ۱۳۹٤: ۵۹)، هەروەها پەیوەندی بەردەوامی نێوان وەزیری دەربار و شا لێکەوتەی هەبوە، ئەو ئاشنا بو بە سیفەتەکانی کەسایەتی شا لە کاتی خۆیدا یەکلاکەرەوەترین ئەکتەری سیاسیی وڵات بو، بەهۆی ئەم ئاشنابونە وەزیری دەربار توانای کاریگەری ڕێژەیی لەسەر عەقڵیەتی شا بەدەستهێنا (آغایلی و دهقان نژاد، ۱۳۹۳: ٦).

یەکێک لە کارەکانی عەلەم بانگەشەکردن بو بۆ شانشینی پەهلەویی و پیشاندانی شا وەک کەسایەتییەکی دڵخۆشکەر و پێشکەوتنخوازانە، لەکارەکانی لەم بوارەدا هەوڵدان بو بۆ دروستکردنی فیلمی دۆکیۆمێنتاری دەربارەی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی شا و نمایشکردنیان لە کەناڵ و میدیای وڵاتە جیاوازەکانەوە، یەکێک لەو کەسانەی کە لەم ڕێگەدا عەلەم توانی سودی لێوەرگرێت ئەردەشیر زاهیدی بو، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەک وەزیری دەرەوە و پاشان باڵیۆزی ئێران لە ئەمریکا کاری کردبو، ئەو کەسانەی دەستنیشان کرد کە ئامادە بون لەم بوارەدا هاوکاری بکەن و ناساندنیان بە وەزیری دەربار، یەکێک لەو کەسانە نۆئێل باربەر (Noel Barber) بو، کە لە نامەیەکدا پێشنیاری بەرهەمهێنانی فیلمێکی دۆکۆمێنتاریی لەلایەن بی بی سییەوە(BBC) کردوە، سەبارەت بە ژیانی شا و کاروباری وڵات و بڵاوکردنەوە و نمایشکردنی لە سەرتاسەری جیهاندا (جوان، ۱۳۹٤: ۷۳).

محەمەد ڕەزاشا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە کۆمەڵگەی ئێران و چاککردنەوەی ئەو وێنە نالەبارەی کە ڕژێم پێشکەشی کردبو، جەختی تایبەتی لەسەر بیرۆکراسیی و مۆدێرنیزاسیۆنی وەک هێمای عەقڵانیەت و نوێبونەوەی هەیکەلی

دەسەڵات لە ئێراندا کردەوە، بەم شێوەیە بیرۆکراسیی گرنگترین ئامرازی دەسەڵاتی حکومەتی شای پێکهێنا، دوای سوپا و داهاتی نەوت، هەروەها حکومەتی نیوپاتریمۆنیالی[٥] (Neopatrimonial) محەمەد ڕەزاشا پێویستی بە شارەزایی و خزمەتگوزاریی چینی بیرۆکراتی هەبو بۆ بەدەستهێنانی بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ و بەدیهێنانی بەرنامەکانی مۆدێرنیزاسیۆنی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی خۆی، هەربۆیە بەشێکی گەورەی تەواوی بودجەی وڵاتی بۆ پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا تەرخانکرد (ازغندی، ١٣٨٤: ١٢٢)، بەڵام وابەستەیی دەزگای بیرۆکراتی بە خودی شا، بەشدارییەنەکردن لە سیستمی سیاسیی و ئیداریی، نەبونی دۆخی سیاسیی کراوە یاخود پێکهاتەی نیوپاتریمۆنیالیستی ڕژێمی پەهلەویی ڕێگربو لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەم چینە بەشێوەیەکی دروست، بەم پێیە دەتوانین سیستمی بیرۆکراتی دەوڵەتی ڕەهای پەهلەویی ناوبنێین دەزگای ئیداریی نیمچە بیرۆکراتیک- نیمچە تەقلیدی، چونکە سەرەڕای هەبونی هەندێک تایبەتمەندی مۆدێرن، بەڵام بەهۆی زاڵبونی پەیوەندییە کەسییەکان- نەریتییەکانەوە نەبوە جۆرێکی تەواو عەقڵانی- یاسایی (لکزی و دیگران، ١٤٠٠: ٤٢٢).

## تەوەری دوەم: مۆدێرنگەرایی

لە سەردەمی پەهلەویی دوەم دا شاهیدی پێشهات گەلێک دەبین کە دەکرێ بە مۆدێرنیزاسیۆن و گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگای پێشوی ئێراندا لێکبدرێتەوە، ئەم پێشهاتانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە کایە ئابوریی، کولتوریی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتدا ڕویانداوە (نبوی و رادفر، ١٣٩٣: ١٤٦)، بوە هۆی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەی ئەو بوارانەدا، هەروەها بوە هۆی هەوڵدان بۆ گۆڕینی کولتور لە کۆمەڵگادا یان ئامانجەکانی نەهێشتن یان گۆڕینی کولتوریی نەریتی- ئاینی(جهانگیری و طاهری، ١٣٩٧: ٩٠).

شا بەهۆی پێوستییە ناوخۆییەکان و هەروەها لە ژێر فشارە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا و سیاسەتەکانی ئەوکاتی ئەمریکا بەهۆی جەنگی ساردەوە ناچار بو لە قۆناغی دوەم و سێیەمی دەسەڵاتەکەی دەست بکات بە ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەک، بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکا هێزی ئاشتی(peace corps)ی کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەیەوە بەڕێوەدەبرا، زیاتر لە دو هەزار خۆبەخشی ڕەوانەی ئێران کرد، ئەم خۆبەخشانە لە چالاکییەکانی وەک فێرکردنی زمانی ئینگلیزیی و ڕاهێنانی پیشەیی، پەرەپێدانی کشتوکاڵی و ئەندازیاریی بەشداربون و ئەفسەرانی ئابوریی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران بە پێدانی زانیاریی ئابوریی و شتی دیکە بە بازرگانانی ئێرانیی و ئەمریکا یارمەتی پتەوکردنی پەیوەندییە ئابورییەکانی ئێران و ئەمریکایاندا و سودیان لە ڕێکخراوە ئێرانییەکانی وەک کۆمەڵەی ئێران- ئەمریکا (انجمن ایران امریکا)، ڕێکخراوی پێشکەوتنی کوڕانی تاران (سازمان پیشاهنگی پسران تهران) و یانەی ڕۆتاری (باشگاه روتاری)..هتد وەرگرتن (گازیوروسکی، ١٣٧١: ٢١٨- ٢٢١). لە میانەی بەرنامە ئابورییەکانی شۆڕشی سپی و بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی مۆدێرنیزاسیۆنی ڕژێمی پەهلەویی، شێوازی بەرهەمهێنانی وڵات گۆڕانکاریی بەسەردا هات، خزمەتگوزاری و پیشەسازیی گەشەسەندنی بێ وێنەی بەخۆیەوە بینی و کشتوکاڵیش دابەزینی ڕێژەیی بەخۆیەوە بینی (غلامی و محمدی، ١٣٩٩ : ٧٢)، دامەزراندن لە کەرتی کشتوکاڵدا لە 56%ی هێزی کار لە ساڵی 1957 بۆ 46% دابەزی و لە سەروبەندی شۆڕش و لە ساڵی 1967 بۆ 34% کەمیکرد، لە بەرامبەردا ژمارەی کرێکارانی خزمەتگوزاری و پیشەسازیی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد و سەرنجی چالاکوانانی کەرتی کشتوکاڵیشی ڕاکێشا، کۆچکردنی بە لێشاو لە ناوچە گوندنشینەکانەوە بۆ شارەکان خێراتر بو، دانیشتوانی شارەکان بە خێرایی فراوانتر بو، لە ٢٦٪ کۆی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٤٦ بۆ ٤٧٪ لە ساڵی ١٩٧٦ زیادیکرد، کە زۆربەیان لە ئەنجامی کۆچی ڕاستەوخۆ بو لە ناوچە گوندنشینەکانەوە بۆ شارەکان (بیگدلو، ١٣٩٤: ٨٧). خودی شا لە بارەی پێشکەوتنە ئابورییەکانی وڵات دەڵێت: ئێستا پیشەسازیی پێشکەوتوترین کەرتی ئابوریی ئێمەیە، کارگەی نوێ

بەخێرایی دادەمەزرێنرێت و بەرهەمی جۆراوجۆری کانزا، مادده کیمیاییەکان، دەرمان، بەرهەمە پترۆکیمیاییەکان، کەلوپەلی کارەبایی و ئەلیکترۆنی، ئامرازەکانی گواستنەوە و کەرەستەی پەیوەندیکردن بەرهەم دەهێنرێن (پهلوی، ۱۳۵۵: ۹۲).

مۆدێرنیزاسیۆنی کولتوری و کۆمەڵایەتیش یەکێک لە بەرنامە یەکەمینەکانی ڕژێم بو(قهرمانی و دیگران، ۱٤۰۱: ۳۲۸)، بەم پێیە لەم ساڵانەدا بەشێکی بەرچاو لە بودجەی گەشەپێدان بۆ فراوانکردنی خوێندەواری و فراوانکردنی خوێندنگا نوێیەکان و دامەزراندنی زانکۆکان وەک (گرنگترین ناوەندی گۆڕانکاریی لە بەهاکانی کۆمەڵگەی نەریتی)دا خەرجکرا (خواجه، ۱۳۹۸: ۲۸٦) و بۆ بە مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگا حکومەت زیاتر جەختی کردەوە لەسەر ژنان بۆ ئەم مەبەستە چەندین هەنگاوی نا لەوانە: لە ۲٦ی شوباتی ۱۹٤٤، لە خولی چواردەهەمی یاسادانان ئەو بابەتانەی باس لە ژنان و خێزان کرا بریتیبون لە: یەکسانی مافی ژن و پیاو، هاندان بۆ هاوسەرگیریکردن، پەرەپێدانی خوێندنگەی تێکەڵ و مەسەلەی حیجاب (بید گلی و عامری، ۱۳۹۷: ۸۱- ۸۲)، لە ساڵی۱۹٦۳یش، پاش بەخشینی مافی دەنگدان بە ژنان ژمارەیەک لە ژنان بۆ ئەندام بو لە پەرلەمان خۆیان کاندید کرد (راد و حاتم پور، ۱۳۹۰: ٥۱) لە ئایاری ۱۹٦٤، لە ئاهەنگی دەیەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕێگەی نوێ (جمعیت راه نو)[٦]، بە ئامادەبونی فەریدە دیبا دایکی فەرح پەهلەویی هاوسەری محەمەد ڕەزاشا، ئەو پرسە هاتە ئاراوە کە ئەم کۆمەڵەیە بۆ پاراستنی ژنان لە خێزاندا گەڵاڵە نامەیەکی ئامادەکردوە و بڕیاریداوە ژمارەیەک نوێنەری ژن و پیاو واژۆی بکەن و بیخەنە بەردەم پەرلەمان، بەڵام ناوەڕۆکی گەڵاڵە نامەکە چەند خاڵێکی پێچەوانەی حوکمی شەرعی ئیسلام بو، لەوانە میراتگر وەرگرتنی منداڵ لە دەرەوەی هاوسەرگیری، شەرعیەتی منداڵی دەرەوەی هاوسەرگیری، یەکسانی کوڕ و کچ لە وەرگرتنی میرات، ڕێگەدان بە هاوسەرگیری کوڕ و کچ بەبێ گوێدان جیاوازی ئاین و پیاوان لەیەک کاتدا ناتوانن لە یەک ژن زیاتریان هەبێت، دواجار بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان گەڵاڵە نامەکە پاش هەندێک گۆڕانکاریی پەسەند کرا (منصوری، ۱٤۰۲: ۱٤۱- ۱٤۷)، بەڵام هێشتا لە یاسای مەدەنی ئێراندا ژنان هەندێک مافیان پشتگۆی خرابو، بۆ نمونە لە ماددەی ۱۱۰٥ یاسای مەدەنی، لەبریدانانان بە پێگەی ژن وەک ئەندامێکی خێزانی خاوەن مافی یەکسان باس لەوە دەکات" کە لە پەیوەندی نێوان ژن و مێردا، سەرۆکایەتی خێزان هی مێردە"، لە ماددەی ۱۱۲۹ و ۱۱۷۰یاساکە، لە کاتی جیابونەوەدا منداڵ بە باوک دەدەرێت، تەنها منداڵی کوڕ تاوەکو تەمەنی دو ساڵی و منداڵی کچ تاوەکو تەمەنی حەوت ساڵی دایک بۆی هەیە پەروەدەی بکات دەبێت دواتر بدرێتەوە بە باوک (بدون اسم مولف، ۱۳٤٤: ٦) و لە ماددەی ۱۱۱۷ یاساکە هاتوە پیاو دەتوانێت ڕێگری لە کار و پیشەی ژنەکەی بکات ئەگەر هاتو دژ بە بەرژەوەندیی یاخود ئابڕ و کەرامەتی خێزانەکەیان بو (بدون اسم مولف،( أ) ۱۳٤٥: ۸).

زانایانی ئاینی لە بەرامبەر ئەم گەڵاڵە نامەیە لە شارە جیاوازەکاندا هەڵوێستیان وەرگرتو نارەزایەتی خۆیان دژ بەم بڕیارەی پەرلەمان ڕاگەیاند (فلور و بنانی،۱۳۹۰: ۱۱٦)، لە سەروی هەموویان ئایەتوڵڵا خومەینی پاش بیستنی گۆڕینی هەندێک یاسای تایبەت بە هاوسەرگیری و جیابونەوە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانەوە، لە وتارێکدا وێڕای ڕەخنە و ناڕازیبونی لە کردەوەکانی حکومەت و بڵاوکردنەوەی دەقەکانی پێچەوانەی دەستور و دەقی قورئانی وتی ڕەشنوسی یاسای خێزان کە دژی یاساکانی ئیسلام و قورئانە پێشنیاز و بڵاوکراوەتەوە کەس نییە لێپرسینەوە لە حکومەتەکان بکات (خمینی، روح الله، ۱۳۸۹: ۲٦۲)، پاش پەسەندکردنی یاساکەش کە ئەوکات خومەینی دور خرابویەوە بۆ عێراق لە بارەی ئەم پرۆژە یاسایەوە ڕایگەیاند هاوسەرگیری و جیابونەوە لەلایەن دادگای پاڵپشتی خێزانەوە قەدەغەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ویستی لە گەڵ نوێنەری ساواک لە عێراق کۆببێتەوە بە ئامانجی ڕونکردنەوە و تێگەیشتن لە چەمکەکانی یاسای پاراستنی خێزان، چونکە بەپێی لێدوانەکانی ئەم دەزگایە خومەینی ئەم گەڵاڵە نامەیەیی بە بنەمای ناکۆکی نێوان خۆی و شا زانیوە (منصوری، ۱٤۰۲: ۱٥۳).

لەلایەکی دیکەوە چینی ڕۆشنبیریش ئەزمونی ڕۆژئاوایی و شوناسی ئێرانی کە لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ بونەوە دامەزرا بو، بە بێ کاریگەریان زانی و بەجۆرێک قەیرانی ناسنامەی مرۆڤایەتی ئێرانییان بە هۆکاری ئەم شێوازە بیرکردنەوە زانی (سلیمانی و نژاد، ١٤٠٢: ٦٦)، بۆ نمونە فەردید[7]،کە یەکێک بو لە ڕەخنەگرە سەرسەختەکانی ڕۆژئاوا لە ئێران، ڕۆژئاواییبون بەقبوڵکردنی کوێرانەی شارستانیەت و کولتوری ڕۆژئاوایی و پابەندبونێکی بێ گومان وەسفکردوە، بەبێ ئەو خۆئاگابونەی کە ڕۆژئاواییەکان بەدەستیانهێناوە (پویا و دیگران، ١٤٠١: ٤). عەلی شەریعەتی-ش وەک ڕۆشنبیرێکی خاوەن بڕوای ئاینی پێیوابو گرنگترین ئەرکی ڕۆشنبیران لە وڵاتانی ئیسلامییدا، لە سەروی هەمو شتێکەوە گەڕانەوەیە بۆ خودی کەسەکان خۆیان، گەڕانەوە بۆ خودی مرۆڤی ئاینی و ڕەسەنی خۆی و زیندوکردنەوەی بەها کولتوریی و فیکرییە بنیاتنەر و پێشکەوتنخواز و ڕۆشنگەرەکانی خۆمان و گەڕانەوە بۆ کولتوریی ئیسلام نەک وەک نەریتێک، میراتێک، سیستمێک، یان باوەڕێک کە لە کۆمەڵگادا هەبوە، بەڵکو وەک ئایدۆلۆژیایەک، باوەڕێک کە هۆشیاریی هەبێت (موسوی و دیگران، ١٤٠٠: ٢٤٥).

لە ساڵی ١٩٧٦یش ئەنجومەنی هەماهەنگی کاروباری کۆمەڵایەتیی (شورای هماهنگی امور اجتماعی) پلانێکی پەسەند کرد، کە تێیدا پۆشینی پەچە و چارشێویان لە دام و دەزگا حکومییەکاندا قەدەغەکرد (مقدم و اصل، ١٣٨٨: ١٢٢)، هەروەها حکومەت ڕێگەیدا بە دامەزراندنی پارت، حیزب و شورای تایبەت بە ژنان لە گرنگترین ئەو پارتانەش وەک: جەمعیەتی بێداری ژنان، تەشکیلاتی دیموکراتی ژنانی حیزبی تودە (قمصری، ١٣٩٣: ١٢٢)، کۆمەڵەی ڕێگەی نوێ (صدقی و اردستانی، ١٣٨٥: ٧٧٨)، شورای باڵای ژنان (بدون اسم مولف، (ب) ١٣٤٥: ٣)، حیزبی ژنان و دامەزراندنی چەندین ئەنجومەنی دیکە (رضایی، ١٤٠٠: ٦٢)، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە ژنان وەک ڕۆژنامەی مەسور شکۆفە (مصور شکوفە)، ئێرانی نوێ (ایران نو) و ئیتلاع بانوان (اطلاع بانوان)، کە تێیدا بابەتەکانی تایبەت بە پەروەردە و فێرکردنی ژنان و مەسەلەی مۆدێل بڵاودەکرایەوە (رخ و زندیە، ١٤٠٠: ٣٥)، لە گرنگترین گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەش دەکرێت ئاماژە بکەین بە هەریەک لە گۆڤاری ژنی سەردەم (زن روز) (بدون اسم مولف، ١٣٤٧: ٢٥٣)، کە تێیدا بابەتەکانی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد، شێوازی جلوبەرگ، مۆدێلی ئارایشکردن، دیکۆر، چالاکی کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوایی (بیگدلو، ١٣٩١: ٢٥)، لەگەڵ بابەتەکانی تایبەت بە شاجوانی ئێرانی و بەشداریکردنیان لە کێبڕکێکانی جیهاندا (بدون اسم مولف، (أ) ١٣٤٦: ٤)، و گرنگیدان بە بەشداریکردنی ژنان لە کاری سیاسیدا بڵاودەکرایەوە (بدون اسم مولف، (ب) ١٣٤٦: ٣)، بەدەر لەمانە لابردنی حیجابی ژنانی وەک دەستکەوتێک بۆ ژنانی ئێران وەسف دەکرد (بدون اسم مولف، (ج) ١٣٤٦: ١)، و گۆڤاری جیهانی ژنانیش (جهان زنان) بە پەرەپێدانی مۆدێلی ڕۆژئاوایی و وەرگرتنی ئیلهام لە شارستانیەتی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی، پێداگری لەسەر لابردنی حیجاب و مافی یەکسان بۆ ژنان لە پێناو گۆڕینی بیرکردنەوە و میزاجی ژنانی ئێرانی کرد (رخ و زندیە، ١٤٠٠: ٣٥).

## تەوەری سێیەم: نەتەوەگەرایی

گوتاری مۆدێرنیزمی پەهلەویی بە جەختکردنەوە لە تەوەری وەک گەشەکردن و مۆدێرنیزاسیۆنی شێوازی ئەوروپی، ناسیۆنالیزمی ئێرانیی، مۆدێرنیزمی کولتوریی، عەقڵانییەتی مۆدێرنیستی، عەلمانیەت و ئەوانی دیکە، هەوڵی دامەزراندنی شوناسێکی گشتگیر بۆ نەتەوەی ئێران و لاوازکردنی شوناسە پەرشو بڵاوەکانی سەردەمی پێشو بو ( احمدی، ١٣٨٣: ١٢٢)، ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە یەکگرتوگەرییە هەوڵی دەدا شوناسە سەرەتاییەکانی وەک ناسنامەی بنەماڵەیی و خێڵەکی لە چوارچێوەیەکی نیشتمانییدا تێکەڵ بکات و جۆرێک لە یەکێتی نەتەوەیی بەدەستبهێنێت (زنجانیە و دیگران، ١٤٠٠: ١٠٩).

لەسەرەتای دەسەڵاتی پەهلەویی دوەم بەهۆی هەژمونی دەرەکی بەسەر ئێرانەوە (کاتوزیان، ١٣٩٢: ٢٣٠)، سیاسەتی نەتەوەگەرایی بۆ ماوەیەک جێبەجێ نەکرا، بەڵام دواتر ئەوە بو لە چوارچێوەی سیاسەتی نەتەوەییدا کۆتایی بە هەردو کۆماری ئازربایجان و مەهاباد هێنرا، لە درێژەی ئەم سیاسەتە توندوتیژەدا و جەختکردنەوە لەسەر ٦٠٪ دانیشتوانی فارسیی زمان بوە هۆی لاوازی پەیوەندی نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێران و حکومەتی ناوەندیی و دروستبونی کولتورێکی باڵا لە ئێران بە هەژمونی نەتەوەی فارس زمان، چونکە ناسیۆنالیزم و پان ئێرانیزمی محەمەد ڕەزاشا هاواتای ڕەتکردنەوەی وردە کولتورە نەتەوەیی و زمانەوانییەکان بو بە ناوی پێکهێنان و دامەزراندنی یەک زمانی نەتەوەیی (کوندی و خنکداری، ١٤٠١: ١٤٣).

یەکێک لە ئامانجەکانی دەوڵەت بەهێزکردنی ناسیۆنالیزم و بەدەستهێنانی سەربەخۆییە لە زلهێزە دەرەکییەکان، ئەم ئامانجە لە قۆناغی دوەمی پەهلەوییدا بە هۆی پشتبەستنی زۆری حکومەت بە داهاتی نەوتەوە نەهاتەدی، بەڵکو لە لایەک بوە هۆی ئەوەی حکومەت لە ڕادەبەدەر پشت بە هەڵاوسانی نرخی ئەم مادە گرنگە لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان ببەستێ و لە لایەکی دیکەوە بوە هۆی لاوازی حکومەت لە بواری سیاسەتی دەرەوە و لاوازی سەربەخۆیی وڵات (اصفهانی و عباسی، ١٣٩٧: ١٤١).

شا بە بەردەوامی ئاماژەی بە سەردەمی کۆن لە ڕەهەندە جیاجیاکاندا بە "بەرزترین و شکۆمەندترین سەردەمی شارستانیەتی مرۆڤایەتی" دەکرد (زنجانیه و دیگران، ١٤٠٠: ١٠٩)، بۆ ئەم مەبەستەش لە پاش کودەتای ١٩٥٣ گرنگی درا بە ئاینە دێرینەکانی ئێران وەک میترایی و زەردەشتی (سارمی و شاهرخی، ١٤٠٠: ١٠٢) و بەڕێوەچونی جەژنی میترایی لە ٤ی تەمموزی هەمو ساڵێکدا (سعیدیان، ١٣٧٥: ٣) جەختکردنەوە لەسەر دروشمی "خودا، شا و نیشتمان" کە لە دام و دەزگاکاندا دەنوسرا، ئەمەش بۆ پیشاندانی شکۆی شا بو کە ناوی لە پاش خودا و لە پێش نیشتمان دەهێنرا (طبسی و کرمانی، ١٤٠٠: ٨٦) و هەروەها گرنگی درا بە کۆمەڵێک ڕێوڕەسم یەکێک لەوانە بەڕێوەچونی ئاهەنگی ٢٥٠٠ دو هەزار و پێنج سەد ساڵەی شاهەنشایی بو (میرفطروس، ٢٠١٢: ٣١٢)، ئەوە بو ئایدۆلۆژیای پەهلەوییەت لەسەر بنەمای بیرۆکەی 2500 ساڵ مێژوی بەردەوامی ئێران بو کە بە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشینەکان دەستی پێدەکرد، حکومەتی پەهلەویی فۆرمێکی ناسیۆنالیزمی بەرەوپێش برد کە "گەورەیی ڕابردوی شکۆمەندی ئێران" زیندوبکاتەوە (بازیار و دیگران، ١٤٠١: ١٢٥)، بەدەر لە پروپاگەندەی نێوخۆیی بۆ ئەوە بو تا خۆی وەک یاریزانێکی گرنگ لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پیشانبدات و بتوانێت بە خستنەڕوی وێنەیەک لە ئێران وەک وڵاتێکی پێشکەوتو کە پاشخانێکی بەرزی مێژویی، کولتوریی و سەربازیی هەیە، هەژمونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا فراوانتر بکات(راد، ١٣٩٨: ١٨٨)، هەروەها بۆ ئەوەی ئێرانییەکان لەوە ئاگاداربکاتەوە کە ئێران بۆتە وڵاتێکی گەورە و ئەو وەک شای وڵات خۆی بە میراتگر و پارێزەری "تەختێکی ٢٥٠٠ ساڵە" دەزانێت(حدیدی، ١٣٧٧: ١٠٢).

بەرنامەی ئەم ئاهەنگەش بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨، لەلایەن دەربارەوە پێشنیار کرا و بەرنامەی ئەم ڕێوڕەسمە لەسەر بنەمای ئەوە بو کە کولتور و شارستانیەتی ئێرانی هەم پەیوەندیدارە بە ئێران و هەم بە جیهانەوە، هەربۆیە پێویستە بە هاوکاری و بەشداری وڵاتانی دیکە جێبەجێ بکرێت (افخمی، ١٣٨٧: ٧٤٥)، سەرەتای ساڵی ١٩٦١ بۆ بەڕێوەچونی ئەم ئاهەنگە هەڵبژێردرا، محەمەد ڕەزاشایش بەمە ڕازی بو، بەڵام دواتر عەلی ئەمینی سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند بەهۆی کێشەی ئابوریی و بودجە ناتوانرێت لەم ساڵەدا ئاهەنگەکە بەڕێوەببرێت، هەربۆیە دواخرا بۆ دو ساڵ دواتر، بەڵام هەر بەهۆی کێشەی دارایی نەتوانرا ئەنجام بدرێت (حدیدی، ١٣٧٧: ١٠٦-١٠٧)، کاتێک دەربار سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بو بۆ ئەم ئاهەنگە شا بڕیاریدا ئاهەنگی تاج لەسەر نان ئەنجام بدات، بەمەش لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ لە هۆڵی

ئاوێنەکانی کۆشکی گوڵستان بە سودوەرگرتن لە ئاهەنگی تاج لەسەر نانی پاشاکانی ئینگلتەرا، سوید و هۆڵندا ئاهەنگە کە بە ئامادەبونی هەزاران خەڵک و ڕازانەوەی شەقامەکانی تاران بە گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ بەڕێوەچو، کە تێیدا محەمەد ڕەزاشا لەگەڵ فەرحی هاوسەری تاجیان لەسەر نا (تاجگذاری محمدرضا شاه، ٢٠٢٥)، شا بەشێک لەو پارەی کە بۆ ئاهەنگی ٢٥٠٠ساڵە تەرخانکرا بو بۆ ئاهەنگی تاج لەسەر نانی خۆی خەرجکرد، دواجار لە ساڵی ١٩٧١ و دوای ئەوەی کە لەماوەی سیانزدە ساڵدا هەمو ساڵێک بەشێک لە بودجەی وڵات بۆ ئاهەنگی ٢٥٠٠ ساڵە تەرخانکرا ئاهەنگەکە بەڕێوەچو و شارێکی بچوکی مۆدێرن لە تەختی جەمشید دروستکرا و ڕازێنرایەوە بە کەلوپەلی غەیرە ئێرانیی، پاشان بە ئامادەبونی بیست پاشا و ئەمیری وڵاتانی عەرەبیی و پێنج شاژن، بیست و یەک شازادە، شانزدە سەرۆک کۆمار، سێ سەرۆک وەزیر و چەندین کەسایەتی ناوداری دیکەش ئاهەنگەکە بەڕێوەچو (نجاتی، ١٣٧١: ٣٤٨- ٣٤٩؛ نهاوندی و بوماتی، ١٣٩٢: ٥٣٦)، خودی شا دەیگوت ئەم ئاهەنگە هی هەمو خەڵکی ئێرانە و پەیوەندی بە مێژوی ئێرانەوە هەیە و دەبێت ڕێگە بدرێت تەواوی خەڵکی ئێران تێیدا بەشدار بن، تەنانەت لە جێگەیەکی تردا بە هی هەمو خەڵکی جیهانی زانیوە (وحیدی، راد، ١٣٩٨: ١٩١- ١٩٢).

ئامانجی شا لەم دێرینگەرایە، کەمکردنەوەی ئەو هەستی ترس و نائومێدییە بو کە لە ئابی ١٩٤١ بەدواوە بە درێژایی سەردەمی دەسەڵاتی هەمیشە زاڵبو بەسەریدا، ئەو ویستی بە بەرزکردنەوەی هێماکانی دەسەڵات، نمایشی گەورە، ئاهەنگی خەیاڵی و مەزن و ناوازە ڕێز و متمانەی میوانانی ئەم ئاهەنگانە بەدەستبهێنێت، کە سەرکردەی وڵاتە گەورەکانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بون و ڕزگاری بێت لە هەستی باوەڕ بەخۆنەبون، بەڵام بێ ئاگا لەوەی کە ئەم ڕێکارانە نەک هەر ئازارە دەرونییەکەی چارەسەر نەکرد، بەڵکو کێشەکانی ڕابردوی بەهێزتر کرد و لە سەروی هەموشیانەوە هەستی دورییەکی توندی لە نێوان خۆی و خەڵکدا دروستکرد (آرین و آشوب، ١٣٩٤: ١٦).

یەکێکی تر لەو ڕێگایانەی شا گرتیە بەر بۆ گرنگیدان بە دێرنگەرایی و نەتەوەگەرایی بایەخدان بو بە کتێبی پرۆگرامی خوێندنی پەروەردە و ستایشکردن و پیاهەڵدان بو بە شاکانی سەردەمی هەخامەنشینی و ساسانییەکان (فرامرزی و دیگران، ١٤٠٠: ٨٣- ٨٤) و بۆ زیاتر پیشاندانی شکۆ و دەسەڵاتی خۆیی لەسەرەتای کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندندا وێنەی خۆی و شاژن و شازادە دادەنرا (بدون اسم مولف، ١٣٥٥: ٢)؛ هەر لە کتێبی پرۆگرامی خوێندندا پێدانی نازناوی دامەزرێنەری ئێرانیی نوێ بە ڕەزاشا جەختی لەسەر کرایەوە (فرامرزی و دیگران، ١٤٠٠: ٨٤)، هەروەها لە ١٤ی نیسانی ١٩٤٥ فەرمانی دەرکرد، دەبێت هەمو ساڵێک خوێندکارانی کۆلێجەکان بە سودوەرگرتن لە پشوی نەورۆز گەشتیان پێ بکرێت بۆ ناوچە جیاوازەکانی ئێران، ئامانجی شا لەم کارە ئاشناکردنی خوێندکاران بو بە میراتی نەتەوەیی دێرین و پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیی لە وڵاتدا (زنجانیه و دیگران، ١٤٠٠: ١١٠). کەواتە محەمەد ڕەزاشای پەهلەویی هەوڵیدا لە ڕێگەی بە ناوەندییکردنی دەسەڵات و گرنگیدان بە مۆدێرنگەرایی و نەتەوەگەرایی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز لە ئێرانیی فرە نەتەوە و فرە کولتور دابمەزرێنێت، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەشی پشتی بە سوپا بەست تاوەکو بتوانێت لەم ڕێگەیەوە دەنگە ناڕازییەکان و نەیارەکانی سەرکوت بکات.

## دەرئەنجام

توێژەران لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجام و ڕاستییەک گەیشتون، کە لێرە دەیخەنەڕو:

یەکەم: محەمەد ڕەزاشای پەهلەویی دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٤١ هاتە سەر دەسەڵات بەهۆی بونی هەردو هێزی هاوپەیمانان کە هەریەک لە بەریتانیا و سۆڤیەت بو سەرەتا نەیتوانی یەکێتی خاکی ئێران بپارێزێت، کە ئەمەش بوە هۆی

دروستبونی هەردو کۆماری ئازربایجان و کۆماری کوردستان (لە مەهاباد)، بەڵام دواتر بە هاوکاری قەوام سەڵتەنەی سەرۆک وەزیران توانی کۆتایی بەم دو کۆمارە بهێنیت و زیاتر گرنگیبدات بە بەناوەندییکردنی دەسەڵاتەکەی بدات.

دوەم: سەردەمی پەهلەویی دوەم لەسەر بنەمای سێکوچکەکەی (نەتەوەگەرایی، مۆدێرنگەرایی و ناوەندگەرایی) سیاسەتە گشتییەکانی خۆی دارِشتەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەدا ڕوانگە و دەزگاکانی دەوڵەتی ڕێکخستەوە و گوتاری فەرمی دەوڵەتی بنیاتنا و کۆمەڵگەی ئاراستە کرد و بەسەر نەتەوەکانی ئێرانیدا سەپاندی و ڕەچاوی کولتورە جیاوازەکانی نەتەوەکانی دیکەی نەکرد.

سێیەم: شای ناوبراو لە قۆناغی دوەمی دەسەڵاتی و پاش کودەتای ساڵی ١٩٥٣، دورخستنەوەی موسەدیق لە پلەی سەرۆک وەزیران، هاوشێوەی ڕەزاشای باوکی گرنگیدا بە سوپا و ئەو دۆخە سیاسییە تارەادەیەک ئازادییەی کە لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی دروستبو ڕێگەدا پارتی ئۆپۆزسیۆن دروست بێت لەم قۆناغەدا ڕێگری کرد لەم ئازادییە و زیاتر سیاسەتی سەرکوتکردن، تۆقاندن و سانسۆر کردنی گرتەبەر لە هەمو کارەکانی وڵاتدا خۆی ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی کرد و بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بە هاوکاری ئەمریکا دەزگای سیخوڕی ساواکی دامەزران، پاشان سیاسەتی فرەحیزبی کۆتایی پێهێناو سیاسەتی تاک حیزبی پەیڕەوکرد و حیزبی ڕستاخیز (ڕابون)ی دامەزراند کە لە ماوەیەکی کەمدا بەشێکی زۆری خەڵکی ناچارکرد ببنە ئەندام لەم حیزبەدا، هەرچەند لە کۆتای دەسەڵاتی بە مەبەستی کپکردنەوەی دەنگە نارازییەکان حیزبی ناوبراوی هەڵوەشاندەوە، بەڵام دواجار بەهۆی دەسەڵاتی تاکرەوی شا و بێ بەشکردنی مافی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران شۆڕشی گەلان دژ بە دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەویی سەریهەڵدا و کۆتایی بەم دەسەڵات هات.

چوارەم: بیرکردنەوەی مۆدێرنیزاسیۆن لەم قۆناغەدا کاریگەری لەسەر پێشهاتە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادیی ژنانیش هەبو، چاکسازییە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتی لە بواری مافەکانی ژنان کاریگەرییان لەسەر بەشداریکردنیان لە کۆمەڵگادا هەبو و زەمینەی بۆ پێشکەوتنی بەرچاو خۆشکرد، بەڵام سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییە ئەرێنییانە، سنوردارکردن و فشارە سیاسییەکان لە کۆتایی فەرمانڕەوایی پەهلەویی دوەم بوە هۆی نارەزایی و سەرکوتکردنی ژنان و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، ئازادییە تاک و کۆمەڵایەتییەکان کەوتنە بەر ئاڵنگاریی و دواجار ئەم سەرکوتکردنانە بونە هۆی شکستهێنان لە بەدیهێنانی تەواوەتی ئامانجەکانی مۆدێرنیزاسیۆن.

پێنجەم: ناسیۆنالیزم وەک یەکێک لە بزوتنەوە سەرەکییەکان، بنەمایاکی سەرەکیش بو لە سیاسەتەکانی حکومەتی پەهلەوییدا، هەوڵەکان بۆ بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی لە ڕێگەی جەژن و بۆنەی نەتەوەیی و بەرەوپێشبردنی کولتوریی ئێرانیی، گرنگیی ناسیۆنالیزم وەک ئامرازێک بۆ بنیاتنانی هاوپشتی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی نیشاندا، بەڵام سەرکوتکردنی نارەزایەتی و گرنگی نەدان بە داواکارییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکان بوە هۆی بەهێزبونی هەستی نارازیبون لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، ئەم نارەزایەتیانە گەشەیان کرد و بو بە بزوتنەوەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بەرچاو کە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی حکومەت و پێویستی چاکسازی دیموکراسیدا هەبو.

## سەرچاوەکان


جوان، علی صمدی، ١٣٩٤، نقش وزارت دربار در سیاست داخلی ایران در زمان امیراسدالله علم (١٣٤٥- ١٣٥٦)، پایان نامه ارشد، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، رشته تاریخ، دانشگاه فردوسی مشهد.

مهریجانی، محمد، ١٣٩٨، تاثیر تجدد آمرانه بر توسعه سیاسی دوره پهلوی دوم، پایان نامه ارشد، رشته علوم سیاسی، دانشگاه پیام نور، مرکز قزوین.

ابراهامیان، یرواند( ١٣٨٩)، ایران بین دو انقلاب، ت. گل محمدی، احمد و فتاحی، محمد ابراهیم، چ. ١١، تهران: نشر نی.

احمدی، حمید، ۱۳۸۳، ایران: هویت، ملیت، قومیت (مجموعه مقالات)، چ. ۱، تهران: موسسه تحقیقات و توسعه علوم انسانی.
احمدی، کامل، ۱٤۰۰، از مرز تا مرز، چ. ۱، دانمارک: آوای بوف.
ازغندی، علیرضا، ۱۳۸٤، نخبگان سیاسی ایران بین دو انقلاب، چ. ۳، تهران: نشر قومس.
افخمی، غلامرضا، ۱۳۸۷، زندگی و زمانه شاه، ب. چ، ب. م.
اوری، پیتر و دیگران، ۱۳۹۲، تاریخ ایران (از مجموعه تاریخ کمبریج دفتر دوم از جلد هفتم) از رضا شاه تا انقلاب اسلامی، ت. ثاقب فر، مرتضی، چ. ۳، تهران: نیل.
ایزدی و دیگران، ۱۳۸٦، تاریخ بیست ساله پاسداری از انقلاب اسلامی در غرب کشور، کتاب سوم،چ1، تهران: چاپخانه سپاه پاسداران انقلاب اسلامی.
بدون اسم مولف، ۱۳۵۵، کتاب فارسی برای کلاس پنجم دبستان.
پهلوی، محمدرضا شا، ۱۳۵۵، بسوی تمدن بزرگ، چ. ۱، تهران: کتابخانه پهلوی.
خسرو پناه، محمد حسین، ۱۳۷۷، سازمان افسران حزب توده ایران 1323-1333، چ1، تهران: موسسه نشرو پژوهش شیرازه.
خمینی، روح الله، ۱۳۸۹، صحیفه امام، ج. ۱، چ. ۵، تهران: موسسه تنظیم و نشر اثار امام خمینی.
عاقلی، باقر، ۱۳۸۰، شرح حال رجال سیاسی و نظام معاصر ایران،ج1، تهران.
علی بابایی، غلامرضا، ۱۳۸۵، تاریخ ارتش ایران از هخامنش تا عصر پهلوی،چ. ۲، تهران: انتشارات آشیان.
فردوست، حسین، ۱۳۸٦، ظهور و سقوط سلطنت پهلوی خاطرات ارتشبد سابق حسین فردوست، ج. ۱، چ. ۲۱، تهران: انتشارات اطلاعات.
فلور، ویلم و بنانی، امین، ۱۳۹۰، نظام قضایی عصر قاجار و پهلوی، ت. زندیه، حسن، چ. ۲، قم: سبحان.
قویمی، فخری، ۱۳۵۲، کارنامه زنان مشهور ایران در علم، ادب، سیاست، مذهب، هنر، تعلیم و تربیت از قبل اسلام تا عصر حاضر، چ. ۱، تهران: وزارت آموزش و پرورش.
کاتوزیان، محمد علی همایون، ۱۳۹۲، تضاد دولت و ملت: نظریه تاریخ و سیاست در ایران، ت. طیب، علیرضا، چ. ۱۰، تهران: نشر نی.
گازیوروسکی، مارک جی، ۱۳۷۱، سیاست خارجی آمریکا و شاه بنای دولتی دست نشانده در ایران، ت. فاطمی، فریدون، چ. ۱، تهران: نشر مرکز.
گراهام، رابرت، ۱۳۵۸، ایران سراب قدرت، ت. فیروزیان، فیروز، چ.۱، تهران: سحاب کتاب.
لاینگ، مارگارت، ۱۳۷۱، مصاحبه با شاه، ت. روشنگر، اردشیر، چ. ۱، تهران: نشر البرز.
میرفطروس، علی، ۲۰۱۲، خاطرات دکتر امیر اصلان افشار، چ.۱، لس آنجلس: نشر فرهنگ.
نجاتی، غلامرضا، ۱۳۷۱، تاریخ سیاسی بیست و پنج ساله ایران از کوتا تا انقلاب، ج.۱، چ.۳، تهران: موسسه خدمات رسا.
نهاوندی، هوشنگ و بوماتی، ایو، ۱۳۹۲، محمد رضا پهلوی آخرین شاهنشاه ۱۹۱۹- ۱۹۸۰، ت. دادمهر، چ.۱، تهران: شرکت کتاب.
هویدا، فریدون، ۱۳۷۰، سقوط شاه، ت. مهران، ح. ا، چ. ٤، تهران: انتشارات اطلاعات.
کریم الجاف، حسن، ۲۰۰۸، الوجیز فی التاریخ ایران، ج4، ط1، دار ئاراس للطباعه وللنشر، اربیل.
آرین، فواد پور و آشوب، هادی دل، ۱۳۹٤، "انگیزه‌ها و اهداف برگزاری جشن های دو هزار و پانصد ساله شاهنشاهی"، فصلنامه ژرفاپژوه، ش. ٤و ۵.
آغایلی، امیر و دهقان نژاد، مرتضی، ۱۳۹۳، "بررسی و تحلیل ماهیت و نقش سیاسی وزارت دربار در عصر پهلوی دوم"، پژوهشهای تاریخی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه اصفهان، سال پنجم، دوره جدید، پیاپی ۲۳، ش. ۳.
بازیار، مرضیه و دیگران، ۱٤۰۱، "موزه سلسله پهلوی: نمایش ایدولوژی دولت پهلوی در دهه‌های ۱۳٤۰ و ۱۳۵۰ شمسی"، فصلنامه تحقیقات تاریخی و مطالعات آرشیوی- گنجینه اسناد، سال ۳۲، ش. ۱۲۸.
بدون اسم مولف، (أ)، ۱۳٤۵، "زنان و مادران! جنبش هواداران تغییر قانون مدنی را تقویت کنید و آنرا به پیروزی برسانید"، مردم ارگان مرکزی حزب توده ایران، دوره ششم، ش. ۲۱.

بدون اسم مولف، (ب)، ١٣٤٥، "سازمانهای موجود زنان و وظایف ما در قبال آنان"، مردم ارگان مرکزی حزب توده ایران، دوره ٦، ش. ٢٢.

بدون اسم مولف، ١٣٤٤، "بمناسبت هشتم مارس روز بین المللی زنان آیا زنان ایران آزاد شده اند؟"، مردم ارگان مرکزی حزب توده ایران، دوره ششم، ش. ١٢.

بدون اسم مولف، ١٣٤٦، (أ)، "الهه در دنیا اول شدا!"، مجله زن روز، ش. ١٧٠.

بدون اسم مولف، ١٣٤٦، (ب)، "چهره عمومی نمایندگان زن در مجلس آینده"، مجله زن روز، ش. ١٢٣.

بدون اسم مولف، ١٣٤٦، (ج)، "انقلابی که کشف حجاب در زندگی زن ایرانی پدیده آورد"، مجله زن روز، ش. ١٤٨.

بدون اسم مولف، ١٣٤٧، "بازگشت دختر شایسته جهان"، مجله زن روز، ش. ١٧٢.

بکایی، مرجان و دیگران، ١٣٩٤، " بوروکراسی در عصر حاضر"، کنفرانس بین المللی پژوهش های نوین در مدیریت، اقتصاد و حسابداری، دوره برگذاری ٢.

بید گلی، سید محمود سادات و عامری، فرزانه، ١٣٩٧، "تحلیل مطالبات زنان تهران در دوره پهلوی دوم (١٣٢٠- ١٣٣٢ ش.) براساس عرایض مجلس شورای ملی"، دوفصلنامه علمی- پژوهشی تاریخ نگری و تاریخ نگاری دانشگاه الزهرا، ش. ٢١.

بیگدلو، رضا، ١٣٩١، کشاش دولت و نیروهای مذهبی در مورد قوانین و جایگاه زنان در دوره پهلوی دوم (مطالعه موردی مجله "زن روز" در دهه ٤٠و ٥٠ ش)"، پژوهشهای تاریخی ایران و اسلام، ش. ١١.

بیگدلو، رضا، ١٣٩٤، " تأثیرات نوسازی دولت پهلوی بر خاستگاه اجتماعی نمایندگان مجلس شورای ملی در دهه چهل شمسی"، فصلنامه ژرفاپژوه، ش. ٤و ٥.

پویا، فائزه امیری و دیگران، ١٤٠١، "تحلیل اندیشه روشنفکران ذات گرایانه مخالف مدرنیته پهلوی دوم (مطالعه موردی سید احمد فردید و سید حسین نصر)"، فصلنامه علمی- تخصصی معمار شهر، دانشگاه آزاد اسلامی واحد تهران غرب، دوره ١، ش. ٢.

توفیق، ابراهیم، ١٣٨٥، "مدرنیسم و شبه پاتریمونیالیسم تحلیلی از دولت در عصر پهلوی"، مجله جامعه شناسی ایران، دوره ٧، ش. ١.

جهانگیری، سعید و طاهری، ابوالقاسم، ١٣٩٧، "تبعات سیاسی و اجتماعی ظهور طبقه متوسط جدید در ایران دوران پهلوی دوم"، فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، سال چهاردهم، ش. ٤٣.

چمنکار، محمد جعفر، ١٣٨٩، "ماموریت نظام گری دولت پهلوی دوم و تأثیرات آن بر سیاست خارجی ایران"، پژوهشنامه‌ی تاریخی علمی دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه اصفهان، دوره دوم، ش. ٤.

حدیدی، مختار، ١٣٧٧، "نگاهی به اسناد محرمانه جشنهای ٢٥٠٠ ساله شاهنشاهی پهلوی دوم و نمونه اندیشه های باستانگرایانه"، تاریخ معاصر ایران- فصلنامه تخصصی تاریخ معاصر ایران، سال دوم، ش. ٥.

دادفر، حبیب، ١٣٦٤، "اصول اصلاحی متمم قانون اساسی"، مجله حقوقی انتقادی کانون وکلا، ش. ١٠٥.

راد، بیتا بابایی و حاتم پور، شبنم، ١٣٩٠، "زن و تحولات سیاسی از قرن ٧ تا پایان دوره پهلوی"، فصلنامه علمی پژوهشی زن و فرهنگ، سال دوم، ش. ٦.

راد، میکائیل وحیدی، ١٣٩٨، "پیوستگی اقتصادی- سیاسی رویدادهای فرهنگی در عصر پهلوی دوم (جشن های ٢٥٠٠ ساله)"، فصلنامه علمی تاریخ اسلام و ایران دانشگاه الزهرا، سال بیست و نهم، دوره جدید، ش. ٤٣.

رجا، سید زکریا محمودی و قریلوند، حسین سوری، ١٤٠٣، "واکاوی و تحلیل چرایی و چگونگی استمرار ساختار نئوپاتریمونیالیسم در دوران مدرن (مورد مطالعه حکمرانی بنسلمان در عربستان سعودی)"، مقاله پژوهشی، دوره ٤، ش. ٤.

رخ، فاطمه شکیب و زندیه، حسن، ١٤٠٠، "سیر تحول اندیشه معترضان به حجاب از عصر ناصری تا پهلوی دوم (١٢٢٧- ١٣٢٠ش)"، فصلنامه علمی پژوهشنامه تاریخ اسلام، سال یازدهم، ش. ٤.

رضایی، مریم عاملی، ١٤٠٠، "تحلیل گفتمان خاطرات زنان عصر مشروطه و پهلوی"، ادبیات پارسی معاصر- پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، ش. ٢.

رمضانی، مهدی و دیگران، ١٣٩٨، "سیاستگذاری فرهنگی جمهوری اسلامی ایران: پیشینه، الگوها و آسیب ها (باتآکید بر مفهوم مرجعیت)"، فصلنامه راهبرد اجتماعی- فرهنگی، سال ٨، ش. ٣٢.

زنجانیه، الهه و دیگران، ۱٤۰۰، "مولفه‌هاوارکان ناسیونالیسم در دوره محمد رضاشاه"، پژوهشهای سیاسی جهان اسلام- انجمن مطالعات جهان اسلام، سال یازدهم، ش. ۱.
سادات، سید محمود و بیگدلو، رضا، ۱۳۹۸، "واکنش نیروهای مذهبی به جشن تاجگذاری پهلوی دوم (با تأکید بر مواضع امام خمینی(س))"، پژوهشنامه متین، سال بیست و یکم، ش. ۸۵.
سارمی، یزدان عبدی زاده و شاهرخی، سید علاء الدین، ۱٤۰۰، "سازماندهی اجتماعی ایران در عصر پهلوی دوم با تکیه بر تصویرپردازی اسطوره‌ای آیین مهر"، تاریخ ایران، دوره چهارده، ش. ۲.
سعیدیان، عبدالحسین، ۱۳۷۵، مردمان ایران، چ.۱، تهران: خواجه اول فردوسی، ص. ۲۰۵.
بدون اسم مولف، ۱۳٤٤، مهرگان، روزنامه خاک و خون، سال اول، ش. ۱.
سلیمانی، غلامعلی و نژاد، زهرا رضا، ۱٤۰۲، "روشنفکران و تغییر بیعت با رژیم پهلوی"، فصلنامه علمی پژوهش های انقلاب اسلامی، دوره ۱۲، ش. ۲.
شاهدی، مظفر، و سرشت، محسن بهشتی، ۱۳۹٦، "ردیابی فرایند فروپاشی حزب رستاخیز ملت ایران: برمبنای نظریه کار آمدی احزاب فراگیر هانتینگتون و دورژه"، دو فصلنامه علمی- پژوهشی جامعه‌شناسی جهان اسلام، دوره ٥، ش، ۱.
شریعتی، شهروز و مهدی، شاهکو عباسی، ۱۳۹۷، "شناخت شناسی ایدئولوژی دولت مدرن و یوتوپیا های اجتماعی در عصر پهلوی"، جامعه شناسی تاریخ، دوره ۱۰، ش. ۲.
صدقی، حمیده و اردستانی، علی، ۱۳۸٥، "جنبش های فمینستی در ایران: دوره پهلوی"، چیستا، سال بیست و سوم، ش. ۱۰.
طبسی، سید محمدرضا و کرمانی، ایمان زکریایی، ۱٤۰۰، "بازشناسی تاریخی وجوه ملی گرایی در قالیهای تصویری عصر پهلوی"، دو فصلنامه علمی انجمن علمی فرش ایران، ش، ٤۰.
غلامی، شهرام و محمدی، احد، ۱۳۹۹، "ظرف مکانی مدیریت فضای ملی در دوره محمدرضا شاه: چگونگی و چرایی"، فصلنامه علمی- تخصصی پژوهش در آموزش تاریخ، سال اول، ش. ۱.
فرامرزی، اعظم و دیگران، ۱٤۰۰، "ترویج آموزه‌ها و مفاهیم ملی در محتوای کتاب های درسی تاریخ در عصر پهلوی دوم کاربست نظریه تحلیل گفتمان تاریخی روث وداک"، فصلنامه علمی پژوهش های تاریخی- معاونت پژوهش و فناوری دانشگاه اصفهان، ش. ٤.
قمصری، نرگس نیک خواه، ۱۳۹۳، "گفتمان جنسیت از انقلاب سفید تا انقلاب اسلامی"، فصلنامه ژرفا پژوه، سال اول، ش. ۱.
قهرمانی، رضا و دیگران، ۱٤۰۱، "تحولات اجتماعی و سقوط حکومت های پاتریمونیال: مطالعه موردی خلافت اموی و سلطنت پهلوی دوم"، مطالعه پژوهشی- فصلنامه علمی رهیافت انقلاب اسلامی، سال شانزدهم، ش. ٥۹.
کوندی، لفته دور و خنکداری، محمد طاهری، ۱٤۰۱، "بررسی انتقادی سیاست قومی حکومت های پهلوی اول و دوم (۱۳۰٤- ۱۳٥۷)"، رهیافت انقلاب اسلامی، سال شانزدهم، ش. ٥۹.
لکزی، مهدی و دیگران، ۱٤۰۰، " بررسی نقش نوپاتریمونیالیسم بر کژکارکردی نهادهای مدرن در دوره پهلوی مطالعه موردی: ارتش و دیوانسالاری"، مجله پژوهش های تاریخی ایران و اسلام، ش. ۲۹.
معینی، مینا، ۱۳۹۰، "تغییرات اعمال شده در قانون اساسی مشروطه؛ اصلاح یا تخطی؟"، روزگاران، ش. ۲.
مقدم، امین نواختی و اصل، حامد انوریان، ۱۳۸۸، "مبانی ایدئولوژیک سیاست های فرهنگی رژیم پهلوی"، فصلنامه علمی- پژوهشی مطالعات انقلاب اسلامی، سال ششم، ش. ۱۹.
منصوری، توران، ۱٤۰۲، "تبیین مواضع علما و روحانیون نسبت به لایحه حمایت از خانواده مصوب سال ۱۳٤٦"، تاریخ نامه انقلاب، دوره ٦، پیاپی ۱۱، ش. ۲.
موحد، حسین جعفری، ۱۳۸٥، "حزب رستاخیز؛ حزبی که با دستان شاه ساخته و با دستان او نیز برچیده شد"، فصلنامه مطالعات تاریخی، ش. ۱٥.
موسوی، مریم السادات و دیگران، ۱٤۰۰، " تحلیلی بر جایگاه دین در تعامل با مدرنیته در اندیشه‌ی روشنفکران دینی پهلوی دوم (مطالعه موردی: شریعتی و بازرگان)"، فصلنامه علمی پژوهشی تاریخ، سال شانزدهم، ش. ٦۱.

نبوی، سید عبدالامیر و رادفر، فیروزه، ١٣٩٣، "تحلیل گفتمانی تأثیر فرهنگ سیاسی بر روابط خارجی ایران در دوره پهلوی دوم (١٣٣٢-١٣٤٢)، دو فصلنامه علمی- پژوهشی دانش سیاسی، سال دهم، ش. ١.
هوشنگی، حمید، ١٣٩٩، "تطور حکمرانی اقوام در ایران معاصر"، فصلنامه تخصصی حکمرانی متعالی، دوره ١، ش. ٤.
وحیدی راد، میکائیل، ١٣٩٨، "پیوستگی اقتصادی- سیاسی رویدادهای فرهنگی در عصر پهلوی دوم (جشن های ٢٥٠٠ ساله)"، فصلنامه علمی تاریخ اسلام و ایران دانشگاه الزهرا، سال بیست و نهم، ش. ٤٣.
اطلاعات، ٢٢/ فروردین/ ١٣٥٨، ش. ١٥٨٢٧.
اطلاعات، ٢٥ فروردین ١٣٥٤، ش. ١٤٦٨٠.
بدون اسم مولف، ٢٠٢٤/١٠/١١، جمعیت راه نو، تخمک، ٢٠٢٤/٦/٢٧، https://rb.gy/lgwnwt
تاجگذاری محمدرضا شاه و شهبانو فرح، ٢٠٢٤، Iraner.in.deutschland، ٢٠٢٥/٢/٤، https://rb.gy/14iql4

## پەراوێزەکان:

1. شۆڕشی سپی: بەرنامەیەکی چاکسازی بو لەسەردەمی حەمە ڕەزاشادا ئەنجامدرا، لە ساڵی (١٩٦٣)،کە بریتی بو لە: هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەی زەوی لە نێوان خاوەن زەوی و جوتیاراندا، خۆماڵیکردنی دارستان، فرۆشتنی کارگەکانی حکومەت بۆ پارەدارکردنی چاکسازیی کشتوکاڵی، هەموارکردنی یاساکانی هەڵبژاردن، لەوانە ئازادکردنی ئافرەت، ڕەزامەندی لەسەر بەشداریکردنی کرێکاران لەقازانجی کۆمپانیاکاندا، دامەزراندنی دەزگای نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ کار ئاسانی بە زۆر خوێندن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ابراهامیان، ١٣٨٩: ٤٠٩).
2. محمد موسەدیق: لە ساڵی 1879 لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی قاجاری لە دایکبوە، دوای شۆڕشی دەستوری ڕۆشتوە بۆ ئەوروپا، زانستی سیاسەتی تەواوکردوە، لە دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە زانکۆی تاران وانەی وتۆتەوە، دژی ڕێکەوتننامەی 1919 ی ئێرانو بەریتانیا بوە، دوای ئەوەی ڕەزاشا دەسەڵاتی گرتە دەست دژی ناوبراو بوەو لە وڵات دەریکردوە، لە کۆتایی دەسەڵاتی ڕەزاشادا، موسەدیق جارێکی تر گەڕایەوە سەر گۆڕەپانی سیاسیی. لە ساڵی 1951 بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتی ئێرانی دەرکرد، کۆمەڵێك چاکسازی لە بواری زەوی و زاری کشتوکاڵی و سوپا...هتد ئەنجامداوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (عاقلی، باقر، ١٣٨٠، :145؛ کریم الجاف، حسن، ٢٠٠٨، 187:).
3. حیزبی تودە: لە تشرینی یەکەمی 1941، لەلایەن ئەیرەج ئەسکەندەری و بە هاوکاری هەندێك لە زیندانیانی سیاسیی ئازادکراو و چالاکوانی سیاسیی کۆن دامەزرا، دروستبونی ئەم حیزبە لە کاتێکدا بو ئێران لەلایەن هاوپەیمانانەوە داگیرکرا بو، بە هێزترین حیزبی کۆمۆنیستی چەپ بو لە ئێراندا، جگە لە چالاکی ڕێکخراوەی حیزبی توانی لە نێو چینی (ژنان، گەنجان، نیزامیەکان، ڕێکخراوە بەهێزەکان) گەشەبکات. لە کودەتای ١٥ ی ئابی ١٩٥٣ تاوەکو 1955، تەواوی چالاکی حیزب نهێنی بو، لە هەمانکاتدا سەردەمی شکستی ڕەوشی سیاسیی و سەرۆکایەتی و ڕێکخراوەی حیزب بوە، چەندین پلەدارو سەرکردەیان دەستگیرکران و هەندێکیان هەڵهاتون بۆ دەرەوە، لەسەردەمی شۆڕشی ئێران پشتیوانی لە دەسەڵاتەکەی خومەینی کرد. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ایزدی، مصطفی و دیگران، ١٣٨٦، تاریخ بیست ساله پاسداری از انقلاب اسلامی در غرب کشور، کتاب سوم،چ1، تهران: چاپخانه سپاه پاسداران انقلاب اسلامی: 32؛ محمد حسین خسرو پناه، ١٣٧٧، سازمان افسران حزب توده ایران 1323-1333، چ1، تهران: موسسه نشرو پژوهش شیرازه : 1 -17).
4. بیرۆکراسی: زاراوەی بیرۆکراسی بۆ یەکەمجار لە سەدەی ١٨هەژدە لە لایەن ئابوریناسێکی فەرەنسیی بە ناوی ڤینسێنت دی گوزنی پێشنیار کرا، بەڵام لە ساڵی ١٩١٠ کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس ڤێبەر ناوی بیرۆکراسی هێنا و ڕونی کردەوە، بیرۆکراسی لە دو وشەی (بۆرۆ) وەرگیراوە، کە بە واتای نوسینگەی فەرمانبەرانی ڕێکخراوە حکومییەکان و هەروەها (کراسی)یش واتایەکی یۆنانی هەیە، بە مانای حوکمڕانی و بەڕێوەبردن دێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (بکایی، مرجان و دیگران، ١٣٩٤: ٢).
5. نیوپاتریمۆنالیزم: نیوپاتریمۆنالیزم فۆرمێکی پەرەسەندو لە میراتدارییە، کە تێیدا فەرمانڕەوا دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و بە پشتبەستن بە تۆڕی وابەستەی خۆی، بەبێ پابەندبون بە دامەزراوە جەماوەرییەکانەوە، حوکمڕانی دەکات. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (رجا، سید زکریا محمودی و قریلوند، حسین سوری، ١٤٠٣: ٢١١).

6. کۆمەڵەی ڕێگەی نویَ (جمعیت راه نو): کۆمەڵەی ڕێگەی نویَ لە ساڵی ١٩٥٥ لەلایەن مێهرەنگز دەڵەوتشاهی دامەزرا، ساڵێک پاش دامەزراندنی چەندین ژنی دیاریش وەک سەفیە فیرۆز و چەند کەسێکی دیکە شورای هاوکاری کۆمەڵەی ژنانی ئێرانیان دامەرزاند. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (بدون اسم مولف، ٢٠٢٤/٦/٢٧).
7. ئەحمەد فەردید: سەید ئەحمەد مەهینی کە دواتر ناوی بنەماڵەی فەردیدی هەڵبژاردوە، لە ساڵی ١٩١٠ لە شاری یەزد لە دایکبوە، خوێندنی سەرەتایی لە زێدی خۆی تەواو کردوە و لە تەمەنی گەنجیدا بەرەو تاران بەڕێکەوتوە، لە ماوەی ساڵێکدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە فەلسەفەدا لە زانکۆی تاران وەرگرت، دواتر چوەتە فەرەنسا و ئەڵمانیا، پاشان گەڕایەوە بۆ ئێران و دەستیکردوە بە وانەوتنەوەی فەلسەفە، بەرهەمی نوسراوی کەمبوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هەندێک بە فەیلەسوفی زارەکی ناویان بردوە، ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایکردوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (پویا، و دیگران، ١٤٠١: ٣).